www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-10-2006 20:00

## ڕەوشی ئەمنی کەرکوک بەرەو کوێ؟! ... ئومێد سەرحەد – کەرکوک

پاش ئەوەی ڕۆژی 2006/10/6 لە سەرتاسەری کەرکوك بڕیاری قەدەغە کردنی هاتوچۆ ڕاگەیەنراو، هەر لەو ڕۆژەشدا پۆلیس و سوپا ی عێراقی لە ژێر ناوی (کلیلی دڵنیایی) هەڵمەتێکی گەران و پشکنینیان لە پێناو دەسگیرکردنی چەکدارە گومانلێکراوەکان و، دەستگرتن بە سەر چەکەکانیاندا بە ئەنجام گەیاند. دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دا لێپرساوانی ئەمنی ئەوەیان ڕاگەیاند، کەتوانراوە بە دەیان گومانلێکراو دەستگیر بکەن، جگە لە دەست بە سەرا گرتنی دەیان پارچە چەکی سوك و قورس. هەر بەو بۆنەیەشەوە، بەرپرسانی ئیداری و ئەمنی شارەکە مژدەی ئەوەیان بە دانیشتوان دا، کە توانیویانە گورزی گورجك بر لە هێزە (تیرۆریستەکان) بوەشێنن و، بە هۆی ئەوەشەوە ئیتر کەشێکی ئارام بەسەر شارەکەدا باڵدەکێشێت. ڕاستییەکەی هەر ڕۆژێك دوای هەڵمەتەکە چەند بۆمبێکی چێنراو، لە چەند ناوچەیەکی کەرکوك تەقینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوشەکە هەندێك ئارام ببووەوە، چونکە ئەو کردەوە تیرۆریستییانەشی ئەنجام دەدران زۆربەیان بی زەرەر و زیان دەبوون. ئەمە جگە لەوەی ئۆپڵە بی ژمارەکە دەم نادەمێك دەستریژی لە هاوڵاتیان و پیاوانی پۆلیس دەکرد.

بەڵام ڕووداوەکانی ڕۆژی 2006/10/15 کە شەش تەقینەوەی بە خۆوە بینی و چواردانەیان تەنها لە ماوەی یەك کاتژمێردا ڕوویان دا، لەلایەکەوە ئەو ئارامیە کاتیەی شاری شێواندەوەو، لە لایەکی تریشەوە سەلماندی کە ئەو هێزە تیرۆریستییانە نەك ریشە کێش نەکراون هەر وەك جەنابی لیوا شێرکۆ لە کۆنگرەکەی 10/6 دا نوقڵانەی بۆ لێدا بوو، بەڵکو ئەو هێزانە هەر ساتێك بخوازن هێرشی خۆیان ئەنجام دەدەن. ئەمەش لەلایەك هەڵمەتی بە ناو کلیلی دڵنیایی دەخاتە بەردەم پرسیارەوەو، لە لایەکی دیکەش هێزە ئەمنییەکانی شار و، تواناکانیان.

کەواتە، پرسیار کە ئەوەیە، ئەگەر ئەو هەڵمەتە و هەڵمەتەکانی پێشتریش ئەوەندە سەرکەوتووبوون، ئەی ئەم تەقینەوانەو ن تەقینەوە ڕۆژانەییەکانی ڕۆژانی دوای هەڵمەتی کلیلی دڵنیایی مانای چییە؟!. باشە ئەگەر هێزە ئەمنییەکانی وەکو پۆلیس و، هەروەها سوپاش ئەوەندە تۆکمەن و، ە ڕۆژانە (وەکو لە ڕاگەیانراوەکانیاندا پەخشی دەکەن، کە گورزی گورجك بر دەسرەوێننە تیرۆریستان) ئەی بۆچی ڕۆژ نییە گوێمان بە دەنگی، لانی کەم، تەقینەوەیەك نەزرنگێتەوە ن ئەجا لێشگەرێ لە کوشتن و ڕفاندن؟!. ئەگەر پۆلیس ماڵ بە ماڵی شاری کەرکوی لە هەڵمەتەکەی 10/6 دا بە وردی پشکنی بێت، ئەی ئەو هەموو چەك و تەقەمەنییە لای هێزە توندرەوەکان لە کوێوە هات؟!. باسی خەندەقەکەی دەوری شاریش ناکەم؟!.

من پێم وایە کۆنترۆڵ نەکردنی ڕەوشی ئەمنی کەرکوك و، بەردەوامی کردەوە تیرۆریستییەکان، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە پۆلیسی کەرکوك ناتوانێت باری ئەمنی شارەکە بپارێزێت، لەم بارەشەوە گەرکە لێکۆڵینەوی ورد بکرێت، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، زۆربەی تەقینەوەکان لە چەند ناوچەیەکی دیلری کراو ڕوودەدەن، بە تایبەتیش لەو ناوچانەی کەکۆنە بەعسییەکان و، ئیسلامییە توندرەوەکان تێیدا نیشتەجێن، ئەگەریش گەرەکە کوردییەکان کەمترین تەقینەوە رووی داوە، ئەمە مانای ئەوە نییە، هێزە ئەمنییەکانئەو گەرەکانەیان کۆنترۆڵ کردووە، بەڵکو ئەوە هێزە تیرۆریستییەکانە کەمترین دەرفەتیان لەو گەرەکانە بۆ ڕەخساوە. ئەگەرچی شێواوی ڕەوشی ئەمنی، هەر وەکو لە نوسینێکی پێشوومدا باسم کرووەدە، پێویست دەکات، لە هەندێك لە بەرپرسانی ئیداری و ئەمنی شارەکە، بەو پەری تەوازوعەوە، داوای لێبوردن لە خەڵکی بکەن و، بەشێك لە بەر پرسیارییەتی چارەسەر نەکردنی ئەو ڕەو ڕەوشە بگرنە ئەستۆ، لە لایەکی تریشەوە، درێژە کێشانی ئەو بارودۆخە دەگەڕێتەوە بۆ چارەسەر نەکردنی کێشەی سیاسی کەرکوك و، مانەوەی کەرکوك لە دەرەوەی سنوری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، بە واتایەکی تر، لایەنێکی گرنگی چارەسەری ڕەوشی ئەمنی کەرکوك پەیوەستە بە گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان.